

# تا e-mail ی دی

*هەنگاوێکی نوێ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بەیەکەوە گرێدانی بابەتی نووسەرانی کوردستان و وڵاتانی تری دنیایە بۆ ئەم مەبەستە هەرجارەی بابەتێک یان دیاردەیەک دەبێتە تەوەری گفتوگۆ و باس لێوەکردن، ئامانج لەم گۆشەیەدا ئاگایی و هۆشیاری ژنانی کوردە بەجیهانی دەرەوە و ئاڵوگۆڕی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی کولتووری گەلان و پتەوبوونی پەیوەندی نێوانمانە:*



## لە: بەهارە وە

## ڕێکەوت: سێ شەممە ٢٠٠٣/٤/١

## بابەت: کوردستان لە گێژاوی شەڕی ئازادیدا

گیانەکەم Rasma

حەزم دەکرد لەم نامەیەدا باسی جوانی و ڕازاوەیی بەهاری کوردستانت بۆ بکەم، کە لای ئێمە ئەم وەرزە تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، وێڕای سروشتی خەملیوی کە مرۆڤ سەرسام دەکات گەلێک یاد و بۆنەی پیرۆزی بەخۆە گرتووە، لەوانە (نەورۆز) کە جەژنێکی کۆنینەی کوردە، داستانی نەورۆز گوزارشت لە زوڵم و ستەمی زوحاکی خوێنخۆر دەکات، کە زەمانێک تینووی خوێنی گەلی کورد بووە و چەندین گەنجی کردۆتە قوربانی حەزەکانی، تا دەگاتە ئەوەی تەواوی کورد یەکگرن و بڕیاری لەناوبردنی زوحاک بدەن دار و دەستەی تەفروتوونا بکەن ئەوەبوو لە (٢١)ی ئادار هەڵدەکوتنە سەر دامووده‌زگاکانی لەناوی دەبەن لەوەوە (٢١)ی ئادار بوو بەجەژنی نەتەوەیی گەلی کورد ڕۆژی نوێ ناونرا، ئیدی لەوساوە تاکو ئێستا هەموو ساڵێک ئێمەی کورد یادی دەکەینەوە. ئێوارەی بەر لە نەورۆز ئاگرێک وەک هۆی ئەم بۆنەیە لە بەرزترین شوێنی شار دەکرێتەوە بۆ بەیانیش تەواوی خەڵک ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن ئەو ڕۆژە بەئاهەنگ و خۆشی و سەیران بەسەر دەبەن.

بەڵام ئەو شەڕەی ئێستا لە ئارادایە وای کرد باسی بارودۆخی کوردستانت بەم شێوەیە بۆ بکەم، دیارە بارودۆخی ئاڵۆزی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی زەنگێکی ترسناک



## لە: ڕاسما وە

## ڕێکەوت: پێنج شەممە ٢٠٠٣/٤/٣

## بابەت: هاوده‌نگییەک بۆ گەلی کوردستان

بەڕێز بەهار

بەڕێز بەهار سڵاوت لێ بێت بەڕێگای تۆوەش سڵاو، ڕێزم بۆ خەڵکی کوردستان دەنێرم زۆر خۆشحاڵ بووم بەو (email)ەت ئەو بابەتەی کە باسی دەکەیت و دەبێتە تەوەری گفتوگۆکەمان بابەتێکی زۆر گرنگە و زۆریش هەڵدەگرێت بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا ئەوەتا تەواو وڵاتانی جیهان بەو باسەوە سەرقاڵن.

ئەگەرچی من لە ڕێگەی کوردەکانی ئوسترالیا و لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەمێکە ئاشنام بەئەزموون و کێشەکەتان بەڵام ئەوەی زیاتر خۆشحاڵی کردم ئەوەبوو، کە زانیارییەکانم بەڕێگەی کچێکی کوردی دانیشتووی کوردستان دەست بکەوێت، من بەش بەحاڵی خۆم نزیکەی پازده ساڵە گەلی کورد دەناسم، ئەویش بەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئەو کاتەی، کە دیکتاتۆری عیراق وڵاتی کوێتی داگیرکرد گەلی عیراقی سەرکوت کرد بۆیە شتێکی نامۆ نییە، کە ئەمڕۆ کێشەکەتان ببێتە مایەی قسەوباسێکی زۆر لە تەواوی جیهاندا، بۆیە ناکرێت چاوپۆشی بکەین لە زوڵم و ستەمەکان کە دەرهەق بەئێوە کراوە.

زۆر نیگەرانین بەو بارە ئاڵۆزەی کوردستان هەندێک لەو دیمەنانەی کە ئێمە بینیومانە شایانی ئەوەن ڕێزتان لێ بگرین بەتایبەتی ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی کە نە من و نە خەڵکی ئوسترالیا هەرگیز لە یادمان ناچێت کۆڕەوەکەی گەلی کورد

بەگوێمان دەدات ئەم شەرە شەڕێکە چارەنووسی ئێمەی پێوە بەندە بۆیە هەر لەم ڕوانگەوە دەڵێم ئێمە گەلێکین بەدرێژایی بوونمان چەوساوەی دەستی داگیرکەران بووینە هەر کۆلۆنیالێک بەبیانوویەک چاوی بڕیوەتە خێروفەڕی وڵاتەکەمان بەدرێژایی حوکمی ڕژێمی عێراقیش گەلەکەمان چەوساوەتەوە ئەو پەڕی قوربانی داوە، خاوەنی هەزاران شەهیدی کیمیاباران و دەیان هەزار ئەنفال و زیندانی و بێ سەروشوێنە، ئەو کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان کە داگیرکەران بەسەر کوردیان داهێنا، بوو بەهۆی تەقینەوەی بورکانی ڕکوکینی گەلی کورد دواتریش ڕاپەڕینی ١٩٩١ی لێ کەوتەوە ئیدی ئەو چەند ساڵەی ئازادی، بوو بەهۆی ئەوەی گەلەکەمان هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژێت هەنگاوەکانی پتەوتر بکات بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی، کە خۆمان بتوانین ئیدارەی خۆمان بکەین و هەڵبژاردن بکەین و نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین. ئەوە (١٢) ساڵە لە کوردستان بەئازادی دەژین و خاوەنی حکوومەت و پەرلەمانی خۆمانین.
نزیکەی دوو هەفتەیە ئێستەش شەڕ هەڵگیرساوە بۆردوومان و پێکدادانەکە زیاتر باشوور و ناوەڕاستی عیراقی گرتۆتەوە، هیوادارم هەر لەم بەهارەدا بەسەر زوحاکی بەغدا دابدەن، گەلی عێراق بەکورد و عەرەب و کەمەنەتەوەییەکان ڕزگاریان بێت، ئاشتی، ئازادی دیموکراسی ڕوومان تێ بکات، ژیانێکی بێ ترس بژین. دڵنیابە ئێمە گەلێکین هیچ شتێک چۆکمان پێ دانادات وێڕای ئەم ترس و شەڕ و هەڕەشەیە ئێمە بەئەوەندەی تۆزقالێکیش لە خەباتی خۆمان ناکەوین ئەوەتا بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەردەوام بەرەنگاری دوژمنان بووینەتەوە هەموومان ئامادەین تا ئەوپەڕی توانا بەربەرەکانی دوژمنان بکەین کاروبارەکانیشمان بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات بۆیە لێرەدا چاوەڕێی پشتگیری و هاوکاری ئێوەین.
لێرەدا جارێکی تر ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ گەلی ئوستralیا بەهیوای هاوکاری و هاودەنگیمان.

بەهار
کوردستان



بوو لە ساڵی ١٩٩١ بەتایبەتی لە کونجێکی ئەم کۆڕەوەدا دیمەنێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام دیمەنی ئەو دایکەی، کە تەرمی منداڵەکەی لەباوەش گرتبوو لەبەر ئەم باران و سەرمایەدا بەپێخواس ڕێی دەکرد، دڵی نەدەهات لە خۆی جیابکاتەوە، ئەو شەوە خۆم بۆ نەگیرا لە چەند دڵۆپە فرمێسک زیاتر چیترم لە دەست نەدەهات بۆتانی بکەم، ئەمانە هەموویان بەڵگەیەکن خۆیان لەخۆیان دەدوێن دڵنیابن ئێمەش لێرە لەگەڵ ئازارەکانتان دەژین دەزانین سات و کاتەکانتان بەدڵەڕاوکێ بەسەردەبەن ئەوا شەڕی ئەم دوو هەفتەیەش هاتە سەر.
ئێمە شەوان بەدەم سەمفۆنیایەکی ناسک دەچینە خەوێکی قووڵ و شیرین کە تێدا هەموو حەز و خواستەکانمان بەرجەستە دەبێت بەیانیش لەگەڵ سپێدەیەکی نوێدا ڕوو دەکەینە زانکۆ و قوتابخانە و فەرمانگەکان نیوەڕۆش دوای نانخواردن و پشوویەک دەدەین ئێوارانیش ڕوو دەکەینە شوێنە گشتییەکان و هۆڵی ئاهەنگ و سەماکردن تا درەنگانی شەو کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانمان بەسەر دەبەین بەم شێوەیە کاتەکان بەسەر دەبەین. دونیایەکی ڕەنگاوڕەنگ دەزانم سەمفۆنیای ئێوەش دەنگی فڕۆکە و تۆپ و دەبابەیە شەوان بەڕێگای کەناڵەکان دیمەنی ئەو سەرباز و تۆپ و ناکامەکانی شەڕ دەبینین. بۆیە جارێکی تریش دەڵێم ئێمە لەگەڵ ئازارەکانی ئێوە دەژین ئەوەی لە دەستمان بێت درێغی ناکەین تاکو ئێستاش چەندجار ڕێپێوانمان سازداوە و دروشمی دژ بەشەڕ و ماڵوێرانیمان بەرزکردۆتەوە، ڕوو دەکەینە کەنیسەکان لە خودا دەپاڕێینەوە کە گەلی کورد بپارێزێ.
لە کۆتاییدا سڵاوی خۆم و خەڵکی ئوستralیا بۆ تۆ و خەڵکی کوردستان دەنێرم هیوادارم ئەم شەڕە بەزوو کۆتایی پێ بێت و سەرکەوتن یار و یاوەرتان بێت، ئاشتی لە سەرتاسەری کوردستان بچەسپێ و حکوومەتەکەتان بەردەوام بێت.

Rasma
ئوسترالیا

